# خەونی من

نالە حەسەن

## خەونی من

| | |
|---|---|
| شاعیر: | ناڵە حەسەن |
| دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: | کاکە مەلا ئەسعەد |
| چاپخانە: | تاران |
| تیراژ: | 500 دانە |
| نرخ: | 3 هەزار |
| چاپ: | یەکەم (2023) |



# ناڵە حەسەن

# سێ شیعر
# لە سەردەمی کۆڕۆنادا

## یەکەم

# ئێمە کاتمان نییە بۆ مردن

١

لەم زەمەنی کۆڕۆنا و
نیگەرانی و ترس و تەنیاییەدا
ژیان بێڕەحمانە
لەنێو زەلکاوی مردن ڕاکشاوە
ئێوەش / جێژوانگەکانتان پڕکەن لە ماچ
گوڵدانی گوڵەکانیش پڕ لە خۆشەویستی
پەنجەرەی خەونەکانتان
بخەنە سەر گازەرەی پشت
بە ڕێنووسێکی نارنجیش
لە سەر دەرگای ماڵەکانتان / بنووسن
ئێمە کاتمان نییە بۆ مردن ...!

٢

لەم زەمەنی
بێهۆشبوونی باران و
نەزیفبوونی بەرائەتدا
ژیان بەسەرخۆشی
لەسەر پشتی شەپۆلەکانی مردن ڕاکشاوە
ئێمەش / با میلی کاتژمێرەکان بگەڕێنینەوە دوا
با بازنەی گەڕانەوەکان هەرسوورِ بخۆنەوە
تا دەگەینەوە ئەو نوختەیەی
بە ڕەهایی / دەرگای ماڵەکانمان دەکردەوە
بۆ / خەونە خرپنەکانی خۆشەویستی و
زەردەخەنە زگماکییە زێڕینییەکان
با بازنەکانی گەڕانەوەش هەر سووڕبخۆنەوە
تا دەگەینەوە ژێر تریفەی
ئەو شەوە شەونماوییەی
لەگەڵ میلۆدییە نەرمەکانی مرۆڤبوونمان
مەست مەست
بەیەکەوە
بەدەم هەڵپەڕین و سەماکردن
دەمانگوت / ئێمە کاتمان نییە بۆ مردن ...!

دووەم

## هێشتا کات ماوە بۆ خەون بینین

١

لە باکووری بێهوودەییمەوە

لە کاتژمێر بیست و پێنجی تەنیاییم

وا بە تەنیشت جەستەی مردنەوە

جگەرەیەکم داگیرساندووە و بیر لە دوێنێم دەکەمەوە

دوای نەرمە زەردەخەنەیەکی شیرین

بە دوکەڵی جگەرەکەم

لەسەر لێوەکانی با / بە ڕێنووسێکی شین

مەسیجێکت بۆ دەنووسم و دەڵێم

هاوڕێ / هێشتا کات ماوە بۆ خەون بینین ...!

٢

تۆ درەنگ هاتی

بۆ نێو ژیان

کە تۆ هاتی

من دەمێک بوو

فڕێدرابوومە

سەر شەقامەکانی بێهوودەیی

منیش درەنگ ئۆغرم کرد

بۆ نێو مردن

کە گەیشتم

تۆ دەمێک بوو

باسی جوانیەکانی

ژیانت دەکرد و

بیرمە دەتگوت

هێشتا کات ماوە بۆ خەون بینین ...!

## سێیەم

# ئەلف و بێ ی عەشق

من نازانم

گڕ و کڵپەی ئەم ئاگرە

لەسەر سینگی کام سبەینێ دادەمرکێتەوە

یان / ئەم چاوشارکێی ژیان و مردنە

لە کام نوختەدا دەوەستێ

بەڵام ئەوە باشدەزانم / لە دواجاردا

ژیان چۆک بە مردن دا دەدا

وەکوجاران

لە / خۆرەتاو و خاک و خەون

ئاوس دەبێتەوە

دووانەیەکی نێر و مێی چاوگەش / دەنێتەوە

بە مەقەسێکی شەونمی ناوکییان دەبڕێ

کراسی تریفەیان دەکاتەبەر

بە مەمکۆڵەکانی گوڵەگەنم ژێریان دەکاتەوە

بە دەسترازەیەکی ئاوریشمین دەیانپێچێتەوە و

لەنێو بێشکەی سەوزایی ڕایاندەژەنێ

هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمیش

بە زمانێکی شیرینی شەبەنگی

فێرە ئەلف و بێ ی عەشقییان دەکا

نیسانی ٢٠٢٠

# کۆترێک لە جنسی فریشتە

کاتێک دەبم
بە پەیکەرێک لە تەنیایی
پەنجەکانم سڕ دەبن و
جەستەم لەخۆم یاخی دەبێ
پەراسووەکانم دەچەمێنەوە
دەمارەکانی ئارەزووم
دەبن بە پشکۆی / ئاگرێکی شین شین
لەودەمەدا
لەنێو ماڵەکەی خۆم
بە نیگایەکی پڕ لە نوورەوە
لە پەنجەرە کراوەکەی ئومێدەکانمەوە
سەیری جووڵەی مێروولەکان و
پیاسەی ماسییەکان و
بازنەکانی گەردەلوول و
زەردەخەنەی دوورترین

وردە ئەستێرەکان دەکەم
لەگەڵ تەمە سپییەکانیش
گۆرانییە بروسکەییەکان دەڵێمەوە
تۆش / لە هەرکوێیەکی ئەم گەردوونە بیت
لەنێو دەربەندی عاشقانی باکووری مانگ
یان لەنێو کۆڵانەکانی پەلکەزێڕینە
لەنێو ئەشکەوتە ڕووناکەکانی سەوزایی
یان لەژێر ساباتی پەرییەکانی دەریا
لەنیو میترۆکانی هەور
یان / لەبنار کێوە سەختەکانی
شەپۆلە بێهوودەکان
لە هەرکوێ بیت /
ئەی کۆترە سپییە قاقۆڵ سوورە فریشتەییەکە
هەر وەکجاران
وەک ڤینۆسە ئەفسانەییەکانی
نێو کتێبەکانی عەشق و
نێو چیرۆکە
بەرئاگردانییەکانی

شەوە یەڵداییەکان

یان وەک /

تابلۆیە تاوسییە تەوتەمییەکانی

نێو گۆڕەپانی بەهەشت

یان / وەک فریشتە

باڵا سنەوبەرییە گوڵفرۆشەکانی دۆزەخ

لەنێو خەیاڵە ئیرۆسییەکانم

دەردەکەوییەوە

منیش / نەرم نەرم

قژی خاوت شانە دەکەم و

سەربەکۆشی خەونەکانت دەکەمەوە

هەر لەودەمەش

فرمێسکەکانی سەرگۆنات

دەبن بە بارانێکی ئەوینی

پێدەشتە وشکهەڵاتووە شەقارشەقاربووەکانی

ئەو دڵە غەریبەی من / تەڕ تەڕ دەکەنەوە ...!

نیسانی ٢٠٢٠

## چوارگۆشە شیعر

تەنیایی  ماڵی ئەبەدییەتی  / ژیان
ماڵی                              ماڵی
ئەبەدییەتی              ئەبەدییەتی
عەشق / ماڵی ئەبەدییەتی خۆرەتاو

لەلای ئێمەش
تەنیای و ژیان و عەشق و خۆرەتاو
ئەبەدییەتی / ماڵە بێ مروەتەکەی مردنە

## تۆ بووی بە قەدەری من

لەو ڕۆژەوەی وێنەی تۆم
لەسەر دیواری دڵم هەڵکۆڵیوە
چاوەکانم پڕبوون لە ڕووناکی و
هەناسە و هەستەکانیشم پڕ لە ئارامی
لەسەر سێبەری خۆشم
بە پێنووسێکی پرتەقاڵی
وردە شیعرێکی وام بۆ نووسیوی
هەموو بەیانییان کە خۆر هەڵدێ
وشەکانی گەش گەش دەبریسکێنەوە
ڕێبوارە ڕەوەندییەکان و
کچۆڵە کۆچەرییەکان و
هەوێردە هێمنەکان و
درەختە دڵخۆشەوکان و
سنەوبەرە سەرمەدییەکان و

باڵندە بێلانەکان و

ئەستێرە ئاوییەکانیش

هەموو هەموو / دەیخوێننەوە

هەرخۆم نا

ئێستا / شیعرەکانم و بوونەوەرەکان و

هەموو سروشت تۆیان خۆشدەوێ

تۆ بووی بە کتێبێکی ئاسمانی

نێو ئەفسانەکانی عەشق

پڕاوپڕی لە ئایەتەکانی ئیرۆسی

هەموو بەتۆ ئاشنان و بۆت دەچەمێنەوە

بۆیە لە جیاتی من

هاوینان / با

زستانان / هەور

پاییزان / گەڵا

بەهاران / باخچە

شەوانانیش / مانگ قسەت لەگەڵدا دەکا

تۆش وەک تەونێک

خانە خانە و

دەمار بە دەماری عاتیفەمت داپۆشیوە

وەک لاولاوەیەکی ڕەنگ لێمۆییش

لە سەرتاپای جەستەم ئاڵاوی

ئیدی / تازە تۆ بووی بە قەدەری من

بووی /

بە خاڵخاڵۆکەیەکی خرپنی نێو خەیاڵ و خەونەکانم

بۆ هەرکوێیەک دەڕۆی بڕۆ

لە هەر بنارێک

بارگە و ڕەشماڵی خۆت هەڵدەدەی

تا ئەوپەڕی سنوورەکانی ئازادی / ئازاد بە

من ئەوەی دەمویست پێی گەیشتم

نەک لە مەوداکانی دووری

تەنانەت / لە مەرگ و مردنی خۆشم ناترسم ...!

سیپتەمبەری / ٢٠٢٠

# خونچە شیعر

١

گوڵە گیانم

بە تاسەیەکی گەرمەوە

میلۆدییەک لە مەراقەکانم و

خەونە خوماریيەکانمت بۆ دەنێرمەوە

ماندوون

لێیانگەڕێ / با تۆز و گەردی غەریبییان لێ بتکێ و

لە باوەشی خۆزگەکانت بحەسێنەوە

تەنها شەوێک

لەگەڵ / جوانییەکانی تۆدا جووت بن

بەڵکو کۆرپەیەکی چاوگەش بێتە دنیا

تۆش / هێور هێور

قەڵەمێک و دەفتەرێکی بدەرە دەست و

ناویشی بنێ / خونچە شیعر ...!

# ئایەتە ئەوینییەکان

برژانگی چاوەکانی تۆ

دەکەمە قەڵەمێکی موودار

بە ڕەنگی لیمۆیی لێوەکان و

بە جوانییەکانی فۆرمی ڕوخسارت

ئایەتێکت بۆ دەنووسمەوە

ئایەتێکی ئاسمانی نا

هەر لێرەدا / لەسەر ئەو زەمینە

پڕ لە جەنگ و جەڵاد و خوێنەدا

پڕ لە تەڵبەندەکانی تەنیایی و

پڕ لە برینەکانی نێو جەستەی

گوڵەگەنم و وەرزی دروێنەدا

سەر ڕووی ڕووباری ڕازەکانت

پەڕپەڕی کتێبی خەونەکانت

دادەپۆشم / بەو ئایەتە ئەوینییانە

تا بەهۆیانەوە

لەنێو قووڵایی مانا و مەوداکان

سمۆرە و وردە ماسییەکان و

پەپوولە و پەڕەسێلکەکان و

شەیتان و فریشەکان و

مرۆڤە ئەشقیاکانیش

هەموو بەیەکەوە / بکەونە سەما ...!

ئەیلوولی ٢٠٢٠

# ژنێکی کراس ڕەش شیعرە سپییەکانم ناخوێنێتەوە

ژنێکی کراس ڕەش

هەموو بەیانیانێک

بەسەر شەقامە هێمنەکەی شیعرەکانم

پیاسە دەکات

هەموو دوای نیوەڕۆیانێکیش

گوڵدانی باڵکۆنەکانی تەنیاییم ئاودەدات و

شیعرە سپییەکانیشم ناخوێنیتەوە

هەر ئەو ژنە کراس رەشە

چاوەکان و

ناولەپ و

لێوی شیعرەکانمی ڕەش ڕەش کردووە

ئێستا لای من / فانۆسەکانی یادەوەری و

مۆمی نێو پەرستگەکانی عەشق و

خۆرەتاوی خەونەکانم

ڕووناکییەکی ڕەش دەبەخشنەوە

هۆ ژنە کراس ڕەشە خەیاڵ سپییەکە

گەر ئەمجارە بگەڕێمەوە

وەک عاشقێکی شێتۆکە

چیتر بیانوو نادۆزمەوە

تا بێم بۆ ماڵەوەتان و

شیعرێکی خۆم لەشێوەی چوکلاتە نامەیەک

لەناو پێلاوەکەم جێبهێڵم

تۆش بە دەموچاوێکی سوور هەڵگەڕاوەوە

بە شەرم و نازێکی کچانەوە

بە دزییەوە

بیخەیتە ژێر ستیانەکەت و بیشارییەوە

ئەمجارەیان / گەر شیعرێکی نوێت بۆ بنووسم

بە قەڵەمی ئاگر

لەسەر هەردوو مەمکۆڵەکانی

ئەستیرەیەکی وەک خۆم تەنیا

دەینووسمەوە

تا شەوانان

هەموو عاشقانی دنیا

لەگەڵ تۆدا ببینن و بیخوێننەوە ...!

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

# کەڕنەڤاڵی ماسک

١

م / مرۆڤەکان وەک ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ بن

بە سیمای ڕەنگاوڕەنگەوە دەردەکەون

ر / ڕازە ڕەنگینەکانمان وا خەریکە دەبنە تۆز و غوبار

بێمەبەست لەگەڵ با دا دەڕۆن

د / دوای دووسێ ڕۆژ ( دیداری من و مردن کۆتایی هات )

ن / نیشتیمان بۆتە سەبەتە سێوێکی ڕزیو

شیلەی تفتوتاڵی لێدەچۆڕێ

٢

لە دووری دوورەوە

لاوکێکی هێمنی مردووەکانم دێتە گوێ

زایەڵەی زەمەنێکی زەندەقچووش

لەنیو کەڕنەڤاڵی ماسکەوە دەبیسترێ

ماسکی ( سوور و ڕەش و شین و سپی و پەمەیی و

ماسکی ڕەنگاوڕەنگ )

چ ڕۆژگارێکی نەفرەتییە

مرۆڤەکان وەک گەڵاکان هەڵدەوەرن

وەکو بەفر دەتوێنەوە

وەک ئەستێرەکانیش ئاوا دەبن

بەڵام / ئاوابوونێکی ئەبەدی

چ ڕۆژگارێکی ئافاتی و فۆبیاییە

نەک هەر خۆمان

خاڵخاڵۆکەی نێو خەون و خەیاڵەکانیشمان ماسک دەپۆشن

جەڵاد و قوربانی / فریشتەو شەیتان / هەموویان ماسک دەپۆشن

چەند ڕۆژێکە  لەسەر مافووری مردن ڕاکشاوم

کشومات ، بێدەنگ بێدەنگ هەر دەڕوانم

دەڕوانم و دەڕوانم و دەڕوانم

جگە لە تارماییەکانی مردن هیچیتر نابینم

بوومەتە پەیکەرێک لە خەیاڵ

بیرم / لە مرۆڤەکان و یادگارییە جوانەکان دەکردەوە

یان ئەو مەودا و دوورییەی نێوان من و ژیان

بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە لەنێو شیعرەکانمدا دەمنووسی

( ماسکەکەت فڕێدە ئەوی شۆخ

من دەمەوێت جوانییەکانی ڕوخسارت ببینم ،،، ! )

بەڵام ئێستا

دەڵێم نا / ماسکەکەت فڕێمەدە ئەی شۆخ

من نامەوێت

ڕەنگە ڕەشەکانی مردن

لەسەر برژانگ و لێوەکان و نینۆنەکانت ببینم

نا / ماسکەکەت فڕێمەدە ئەی شۆخ

دەرگای کۆشک و قەڵای خەونەکانت بکەرەوە

با هەر کراوەبن دەرگاکان و ڕێگاکان

منیش بەڵێن دەدەم

دوای چەند ڕۆژێکیتر

لە بەیانییەکی ڕووناک و ئارام

وەک خۆرەتاو دەردەکەومەوە و دەگەڕێمەوە ...!

کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

# قسەم بۆ بکە تا گەرم ببمەوە

قسەم بۆ بکە

تا لەم شەختەبەندی باکووری تەنیاییەم

گەرم ببمەوە و

جەستە شەکەت و ماندووەکەم

هێزی بێتەوەبەر و بتوانم

ماڵە کشوماتەکەی غەریبیم / جێبهێڵم

قسەم بۆ بکە تا گەرم ببمەوە

گەرم گەرم گەرم / تا بتوانم

مۆمە کوژاوەکەی نێو ناخم داگیرسێنمەوە

قەیتانی پێڵاوەکانم توندکەمەوە و

بەسەر هەورازە سەختەکانی ژیان هەڵگەڕێم

پشت لە میترۆ و توونێلە تاریکەکانی مردن بکەم

دەریاکان و کیشوەرەکان و زەمەنە وەستاوەکان جێبهێڵم

دەقسەم بۆ بکە

لێرە /

نە ئاگر هەیە نە گەرمبوونەوە

نە ڕووناکی هەیە نە درەوشانەوە

نە ژیان هەیە نە بووژانەوە

لێرە / زەمەن زەنگی مردن لێدەدا

ڕەشەبا و زریان / زەماوەندی مەرگ دەگێڕن

لێرە درەختەکان لەبەر قورسایی خەمەکانییان

چەماونەتەوە

باڵندەکان / پۆل پۆل دەڕۆن و ناگەڕینەوە

ئێرە ماڵە ئەزەلییەکەی بێدەنگییە

تاڤگە و دەریا و شەپۆلەکانیش بێدەنگن

هەر ڕێبوارە و بەتەنیا ڕێدەکا

هەر گوڵدانە و لە باڵکۆنەکانی نائومێدی

گوڵە سیسبووەکانی بەسەر لێو و شان و ملدا شۆڕبوونەتەوە

هەر کەنار دەریایە و پڕە لە مرۆڤی تەنیا

لێرە سەگ و پشیلە و سمۆرەکانیش تەنیان

هەموو لەنێو بازنە دووبارەییەکانی یادەوەری خوولدەخۆنەوە

لێرە دەستێکت شەلەل بێت / دەستەکەیترت بێئاگایە

قاچێکت بمرێت / قاچەکەیترت نوزەیەکی لێوەنایە

چاوێکت کوێر بێت / چاوەکەیترت مێش بەلایدا نایە

لێـرە / مـردن لەنێـو ماڵـەکان و لەنێـو باخچـەکان و لـە هەمـوو شـوێنێک

بەئارامـی ڕاکشـاوە

جارجارەش وەک تارماییەک دێت و بەدەم ڕێگاکانەوە لەگەڵتا پیاسە دەکات

دەقسەم بۆ بکە / ئەی میهرەبانترین مرۆڤ

با لەنێو ئەم سەهۆڵبەندانی غەریبییەم / گەرم ببمەوە گەرم

قسەم بۆ بکە / تا بتوانم

لەم رووبەرە بێڕاز و بێڕەونەق و ڕووناکییە دوورکەومەوە

بڕۆم بەرە و شاخە بڵندەکانی خەونەکانم

بگەرێمەوە نێو

ئەو ڕۆژگارانەی

لە کونجە تەماوییەکان و لە زیندان و لە هەموو شوێنە تاریکەکان

ئاگرمان دەکردەوە و خۆشمان جەستەیەک بووین لە ئاگر

ئەو ڕۆژگارانەی /

گڕمـان لـە پشـکۆی نائومێدییـەکان بـەردەدا و خۆشـمان جەسـتەیەک بوویـن

لـە گـڕ

ئەو ڕۆژگارانەی /

بەســەر پشــتی مــەرگ بازمــان دەدا و خۆشــمان میلۆدییــەک بوویــن لــە دژەمــەرگ

دە قسەم بۆ بکە / دەمەوێت بەبێ وچان هەر بڕۆم و هەر بڕۆم

بڕۆم و تا دەگەمە ( ئەشکەوتە بەفرینە )کەی خۆرەتاو

لەوێدا / چرا و مۆم و فانۆسەکانی ئەڤینی هەڵکەمەوە

دوای پشوودان و ئارامبوونەوە

دەست بەنووسینەوەی ئەو قەسیدە درێژەم بکەمەوە

کە ساڵەهایە دەینووسمەوە و تەواو نابێ

بەناو قووڵایی خەیاڵ ڕۆچوومەوە

لە سەرەتای بەشێکی نوێ

بەم پرسیارانە دەستمپێکردەوە

دوژمن / جەنگ / کوشتن / نەفرەت / ڕق / تۆڵە .. بۆ پەیدابوون و

کەی هاتنە نێو فەرهەنگی زمانی مرۆڤەکانەوە

دەبـێ ژیـان پێـش دروسـتبوونی ئـەم وشـانە لەکوێـی کەنارەکانـی ئارامـی بـوو بێت

دەبا بگەڕێینەوە نێو باوەشی ئەو ڕۆژانە و

گەردوون وەک چیمەنێکی سەوز و بەرین

هەموو بەیانیانێک شەونمی خۆشەویستی دەربکات

یــان ئــەو پارادۆکســە بێمانایــەی کــە دەڵێــن / گــەر عەشــق نەبــێ ژیــان دەمرێــت

لەولاوەش کاتێک کتێبی ژياننامەی عاشقەکان دەخوێنیتەوە

هەموویان لەو خاڵە بەیەک دەگەنەوە کە / عەشق دیوێکیتری مردنە

یان بەسەرهاتی ئەو ژنە نامرادانەی

کە مێردەکانییان لە جەنگدا ناگەڕێنەوە

ئەوانیـش تامـردن دەبـێ بەدیـار خەمـەکان و ئـازاری شـەوانەیان پرچـی سـپی بهۆننەوە

یان ئەو کچۆڵە نەشمیل و لێوبەبارانەی

کە شەرم دەکەن خەونە ئیرۆسییەکانییان بۆ باوک و براکانییان بگێڕنەوە

یان / نووسینەوەی ئەو شانۆنامانەی

کە هەژارەکان ڕۆڵی تیا دەبینن و بە کۆرس

ئەم سروودە دەڵێنەوە

( هاوار نان لە گەرووە لێخنەکەی عەزیا دایە

هەورە باراناوییەکان لەنێو کەللەسەری ئەژدیهایە

وەرزەکانی گوڵەگەنم و دروێنەش

تۆز و غوبار و پەڕەمووچەی دەم ڕەشەبایە

گەیشتنمان بەدوا مەنزڵگەکانی موراد

ڕێگایەکی دوورودرێژ و بەردەوام و بێکۆتایە ...! )

سەدان ساڵە ئەم سروودە بە ئاوازی جۆراوجۆر هەردەیڵێن و دەیڵێنەوە

یان / ئەفسانەی ئەو وردە ئەستێرانەی شەو لەدوای شەو

لە گۆی زەوی و لە ژیان دووردەکەونەوە

تا پەیام و تێکستەکانی ئەو وردە ئەستیرانەم نەخوێندبوویەوە

نەمدەزانی ژیان لەکوێوە دەستی پێکردەوە و بەرەو کوی دەڕوات

ئێستا ئێمە لە چ تاریکستانێک و زەمەنێکی ڕەشدا دەژین

ئیتر / هەزار و یەک پرسیار و حەسرەت و چیرۆکی تر

هەر دەنووسم و هەر دەنووسم و هەردەنووسم

تا پەنجەکانم شەکەت و ماندوو دەبن

بۆ پشوودان دێمە بەردەرگەی ئەشکەوتە بەفرینەکەم

دەڕوانم و دەڕوانم

دۆڵ و خەرەندێکی سیحراوی و سەرسووڕهێنەر

لە شاخەکەی ئەوبەرەوەش / لەنێو چڕی داروردەختەکاندا

پەرییەژنێک دەردەکەوێت / ڕیزێک لە پەپوولەی ڕەنگینیش دەورەیان داوە

ئەویش هەر دەڕوانێ و دەڕوانێ

باڵایەک و ئەدگارێکی ئەفسووناوی

پەیکەرێک بوو لە ئاگر ، ئاگرێکی ئەبەدی

تابلۆیەک بوو لەجوانی / جوانییەکی سەرمەدی

لە کچە کافرۆشییەکان و لە پەرییەکانی خودا

شۆخ و شەنگ و شەوڕی و شەبەنگیتر

لە سیمایدا زەردەخەنەیەکی شیرین دەبیندرا

هێندە شیرین وەکو شەکر / شەکری شیعر

لەنێو چاوەکانیدا / ڕووناکییەکی ڕوونی پڕ لە ڕاز دەبیندرا

خەیاڵەکانیشی پڕبوون / لە ختووکەی خۆرەتاوە خومارییەکان

بەدەنگێکی نووساوەوە لەخۆم پرسی / ئەوە من چی دەبینم

هەر لەودەمە

کات / ئاو / با / درەخت / هەور

هەموو جووڵەکانی ژیان وەستان

لەنێو ڕوانینێکی شاگەشکەیی / بۆ چەند چرکەیەک

ترپە و لێدانەکانی دڵی منیش وەستان

لەوبەرەوە / لە قەدپاڵی ئەم شاخە بڵندەوە

لەنێو چڕی دارودرەختەکان و لەم دوورەوە چی دەبینم

لەودەمەدا / بیرم لەوە دەکردەوە و دەمگوت

ئای خۆزگە دەمتوانی / هەرچی دۆڵ و خەرەند و مەوداکان هەیە

لەسەر نەخشەی ئەم گەردوونە دەمسڕییەوە

ئەوکات /

ئەشکەوتە بەفرینەکەی من و کەپرو ساباتەکەی ئەو شۆخە شلێرییە

لە یەکتری نزیک دەبوونەوە

نزیک نزیک نزیک / هێندە نزیک

نێوان ئەشکەوتەکەی من و ماڵەکەی ئەو تەنها سەکۆیەک و هیچیتر

شەوانان لەسەر ئەم سەکۆیە بەیەکەوە دادەنیشتین

ماوەیەک بە بێدەنگی / هەربیرکردنەوە و خەیاڵ

دواتر بۆئەوەی بەستەڵەکی ئەم بێدەنگییە بتوێنمەوە

وردە شیعرێکی ناسکۆڵەی ڕۆمانسیم بۆ دەخوێندەوە

بەدیار سەمای تریفەی ئەو شەوەدا

بەدەم گڕ و کڵپەی دەمارەکانی ئارەزوو و
خەیاڵە سووتماکییەکانمەوە / پێمدەگوت
تۆ داگیرت کردووم
وەکچۆن / ڕووناکی ئەستێرەکان
زەوی و ئاسمان داگیردەکەن
بە شەونمی شەباهەنگیت داتپۆشیوم
وەکچۆن / نمنمەی باران
چیمەن و سەوزایی و گیا دادەپۆشێ
بە ناخما چوویتە خوارەوە
وەکچۆن / ڕەگی درەختەکان
بە قووڵایی جەستەی خاک دەچنە خوارەوە
ڕێگە تاریکەکانی شەو لە چاوەڕوانی
ئەو ڕێبوارانەن کە جەستەیەکن لە تریفە
وەرە دەستت بێنە
با بە ( سیزیف ) ەکان بڵێین پشووبەن
با ئێمە / بەردێک لە بەردەکانی ئەوان گەورەتر
بە دەستبار بەرەو بڵندایی قەدپاڵەکان بەرین

دوای هەناسەدان و ڕامانێک

لەوێوەش بەرەو شوێنێکی تر هەمدیسان بڵندتر

ئەویش خۆی پەیکەرێک بوو لە شیعر

بە دەنگێکی بەسۆزی ژنانەوە

بە بزەیەکی ئاگرین و بە نیگایەکی سپییەوە

دوادێری شیعرەکەمی وەرگرتەوە و گوتی

من و تۆ /

لەنێو کۆڵانەکانی دۆزەخەوە هاتووین

دوو باڵندەین بە باڵەکانی بەرائەتەوە دەفرین

دوو هەوێردەین هەگبەکانی هەور پڕدەکەین لە هیوا

کتێبەکانی ئایندە دەڕازێنینەوە بە ئایەتەکانی ئەوین

کەچی خۆشمان بە تەلبەندە دڕکاوییەکانی تەنیایی دەورەدراوین

ئێمە هەموو شتێکمان لە یەکدەچێ

دڵشکان و مردن و کەوتن و / هەستانەوەکانیشمان

هەموو شتێک هاوڕێ گیان هەموو شتێک

من و تۆ / دەڵێی هەر لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە دروست بووین

لەدەرەوەی ژیان بژین و لە غەریبیشدا بمرین

ئێمە نامورادترین دوو بوونەوەری ئەم گەردوونەین
کەچی دەست لە لچکەکراسی خەونە گەورەکانیشمان بەرنادەین
لەوەدەمەدا / دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک
لە چاوەکانی مانگ دەهاتنەخوار / ئەویش
بە پەیڤە پەنگرییەکان و بە ڕستە شلکە ڕێواسییەکانییەوە
شل شل بەستەڵەکی نێو هەناسە ساردەکەمی دەخوساندەوە
جار جارەش / دوای ئاخهەڵکێشانێکی ئاگرین
باسی دەردەدڵ و نائومێدییەکان
ترس و نیگەرانییەکان ، ژانی خامۆشبوونەوەی پشکۆکان
دواتر / بە باوەڕێکی بەهێزەوەش دەیگوت
من خۆم لەجنسی ئاگرم
بەهیچ ڕەشەبا و تۆفان و زریانێک / ناکوژێمەوە
کاتژمێرێک ، دووان ، سییان .. گوێم لەم مەخلوقە ڕادەگرت
وامدەزانی چەند خولەکێکە و هیچیتر
هێواش هێواش شەو ڕادەکشا
بەرلەوەی جێیبهێڵم و بگەڕێمەوە نێو ئەشکەوتەکەم
بە ئومێدی گەیشتن بە ئایندە گەورەکان و خەونە گەورەکان

لە چاوەکانی یەکترمان دەڕوانیی

بە دەنگێکی پڕ لە میهر و خۆشەویستییەوە پێمدەگوت

( شەو و شەوگارت شاد .. ژنە دراوسێ ..! )

ئیدی هەر لەودەمە / وەک ئەوەی سەتلە ئاوێکیان پێمداکردبێ

لەبەردەم ئەشکەوتە بەفرینەکەم ڕاچڵەکیم و بەئاگا هاتمەوە

دیسانەوە / خۆم بە تەنیا بینییەوە

هەرخۆم و هەرخۆم و هەرخۆم

بە هەناسەیەکی ساردی بلێسەییەوە

لە خەرەند و دۆڵ و مەودا دوورەکانم ڕوانییەوە

بینیم / وەکجاران و وەک هەمیشە

هەر ڕێگایە و درێژ و درێژتر بۆتەوە

هەر بیابانە و بەرین و بەرینتر بۆتەوە

هەر دۆڵ و خەرەندە قووڵتر و قووڵتر بوونەتەوە

تاوێرەکانی تەنیاییش هەر بەرز و بەرزتر دەبنەوە

چوومە ژوورەوە / بەر لەوەی دەست بە نووسینی قەسیدەکەم بکەمەوە

لەسەر گازەرەی پشت لێبڕاکشام و بەدەم خەیاڵێکی قووڵەوە / گوتم

لەم سڕبوونی / پێڵووەکانی چاو و پەنجەکانی ئومێد و

باڵشکانی زەردەواڵەکانی زاکیرە و تەڵخبوونی ئاوێنەکانی ئەوین و

کوژانەوەی خۆرەتاوی خەونەکان

چیت بۆ بنووسم ئەی میهرەبان

دەقسەم بۆ بکە تا گەرم ببمەوە

تا جەستەی شەکەت و ماندووم هێزی بێتەوەبەر و / بتوانم

بەسەر هەورازە سەختەکانی ژیان هەڵگەڕێم و

مەوداکانی مردن و

باکووری ئەم غەریبی تەنیاییەم جێبهێڵم و بگەڕیمەوە

دەی دەی دەی / دە قسەم بۆ بکە دەی ...!

نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# من گەردە سەرەتاییەکانی گەردوونم

من شیعرم
بنەچەم دەچێتەوە سەر باران و
لەگەڵ گەردانە گەوهەرییەکان و
گەردە سەرەتاییەکانی گەردوون لەدایک بووم
لەوەتەی هەم / جیلوەی جوانی و
ژێ بە ژێ ژیلەمۆ و ژانەکانی ژیان دەنووسمەوە
من شیعرم / عاشقی درەخت و سەوزاییم
گیا لەسەر سینگم دەڕوێ و
گوڵ لەسەر شان و ملم
خۆرەتاو لەناو لەپێکی دەستم هەڵدێ و
لەپی دەستەکەیترم مانگ
گیرفانێکم پڕییەتی لە وردە کتێبی ئاسمانی
گیرفانەکەیترم پڕ لە وشەی شینی مەعریفە
من جەستەیەکم لە هەور و

چاوەکانیشم پڕ لە ئەستێرەی ڕووناک

پەنجەکانم لە ئاگر و نینۆکەکانم لە ئەلماس

ڕۆحم پڕە لە تریفە و هەناسەم لە با

من شیعرم

لە شەوە تاریکە دۆزەخییەکان

دێم و خۆم دەخزێنمە نێو باوەشی خەونەکانتان

دێم و لە سووچێکی ماڵەکانتان دەمێنمەوە

تۆز لەسەر کتێبی نێو دەلاقەکانتان لادەدەم

شووشەی فانۆسەکانتان پاکدەکەمەوە

من لە هەموو شوێنێکم

لەگەڵ خۆر ئاوادەبم و

لەگەڵ مانگ دەردەکەومەوە

لەگەل بەفر دەتوێمەوە

لەگەڵ کوڵیکە سوورەکان سەردەردێنمەوە

من ڕۆژێک بە زمانی ئاو قسە دەکەم

ڕۆژێکیتر بە زمانی ئاگر

ڕۆژێک بەزمانی با قسە دەکەم

ڕۆژێکیتر بە زمانی باڵندە

ڕۆژێک بە زمانی مۆم قسە دەکەم

ڕۆژێکیتر بە زمانی ماسی

من ئاوازێکی ئەبەدیم /

لەنێو چاوی تاڤگەکان و ڕووبارەکان و ڕەشەباکانم

من کاتژمێرێکم /

لەنێو دڵی ساڵەکان و وەرزەکان و سەدەکانم

من شیعرم

لە دوورترین دوورییەکانی دووری

خەونەکانی خودا و زەردەخەنەکانی میشوولەیەک دەخوێنمەوە

هەموو شەوێک

گوێ لە گۆرانییە ئیرۆسییەکانی وردە ئەستێرەکان ڕادەگرم

لە نێو قووڵایی تاریکی ڕوخساری خۆرەتاوە بێئۆقرەکان ڕەسم دەکەم

لەسەر پشتی مردن

قەسیدەی دڵنشینە شادومانییەکانی ژیان دەنووسمەوە

لەنێو ئەبەدییەتی باخچە کەپرێک بۆ خۆم دروست دەکەم

لەکاتی ماندووبووندا / لەنیو باوەشی شەپۆلەکان پشوو دەدەم

لەکاتی بیرکردنەوەش / بە بزنەڕێیەک بەرەو هەورازەکان سەردەکەوم

دەتوانم لەهەر چرکەیەک شێوەی جەستە و نیگا و ڕوخسارم بگۆڕم

دەمێک لەنێو ماڵی تەمە سپییەکان و دەمێک لەنێو قووڵایی دەریا

دەمێک لەنێو خەیاڵی فریشتەکانی دۆزەخ

دەمێکیتر لەسەر زاری ئەشقیایەکی یاخی

من لەهەموو شوێنێک و لەنێو هەموو زەمەنێکم

من شیعرم

مرۆڤ و ژیان و شەقام و کچۆڵە نامرادەکان

باخچە و ئاگر و ئەستێرە و گوڵ و گەڵا و درەخت و ماسی

پەپوولە و سنەوبەر و سەوزایی و عەشق و ئازادی و یاخیبوون

لەکوێین من لەوێم

بەڵام /

جەڵاد و ستەمکار / بیابان و مردن / مرۆڤکوژ و ئازادیکوژ

کۆیلە و نامۆبوون ... لەکوێین من لەوێنیم

من / میلۆدییە پڕسۆزەکەی لەدایکبوونەوەم

بوونم / فۆڕمێکی بێدەنگ نییە

من کەمانجەیەکی پڕ قسە و گەردەلوولێکی پڕ جووڵەم

لەنێو مندا

بەرد و باران و بەفر / باڵندە و بلوور و بێژینگ

بەرسیلە و بۆق و بەرماڵ / بەندەر و بەیداغ و بڵێسە

هەر هەموویان قسە دەکەن

من دەمارەکانم پڕن لە شەونم

سییەکانم پڕ لە هاوار

من پەیکەرێکم لەجوانی و کەڕنەڤاڵێکم پڕ لە ڕەنگ

من شەمەندەفەرێکم لە ئاگر

فارغۆنێکی درێژ بەدوایخۆمەوە ڕادەکێشم

بەنێو سەدەکان و کیشوەرەکان و ئۆقیانووسەکان ڕەت دەبم

ژوورێکی فارغۆنەکەم / پڕاوپڕە لە جوانییە ئەبەدییەکان

ژوورێکیتر / پڕاوپڕ لە لەچێژ و ختووکە ڕۆحییەکان

دواژووریش / پڕاوپڕە لە ئارامبوونەوەی دەمارە سترێسییەکان

من شیعرم / ڕۆمانێکی بێکۆتاییم

هاتووم دڵی گەردوون پڕ بکەم لە خۆشەویستی و

لەنێو جەستەی خۆمدا

وێنەی ئەو درەختە بکێشم

کە لقی ئەڤینداری و شکۆمەندی و

گەڵای / ئامانج و حەز و خەونە گەورەکانتان دەردەکات

هاتووم / بەهای مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بڵندترین شوێن ڕابگرم

چونکە دواجار / من پەرچەمە شەکاوەکەی ژیاندۆستیم

بەفرانباری ٢٠٢١

# عەشق

لە باڵکۆنی خەونەکانم
مەرکانێکی ڕەش چەند گوڵێکی سپی لەنێودایە
لەم شەوانە  بەدەم هاواری
تریفە و تەم / خاک و درەخت
شەپۆل و شەونمە شەباهەنگییەکانەوە
بەرداخێک لە خوێنی جەستەی ئازادیم
ڕژاندە نێو مەرکانەکەوە
هەر دەمودەست / گوڵەکان باڵایان کرد
هەزاران خونچەی چاوگەشیان دەرکرد
پەپوولەکان لەم نێوەدا کۆبوونەوە
لە کەرنەڤاڵێکی بروسکەیی / عاشقانە سەمایان کرد
مانگ و ئەستێرەکانیش لە ئاسمان هاتنە خوارەوە
لەگەڵ مرۆڤە دەست و پەنجە ماندووەکان
لەدەوری یەک ڕیزییان بەستا و سروودییان گوت
دوای درەوشانەوە و گەرمبوونەوە
بۆ گوڵەکان و خونچە چاوگەشەکان
نەرم نەرم / چەمانە و کڕنۆشیان برد

# میری بەهەشت

شازادەیەکی شەوگەڕ
چاوێکی پڕ لە ئاگر و
چاوەکەیتر پڕ لە دوکەڵ
گیرفانێکی پڕ لە barووت و
گیرفانەکەیتر پڕ لە حەشیش
شازادە
جارجارە لەنێو ئەشکەوتێکی تاریک
لەگەڵ ئەسحابەکان دەچیتە خەڵوەت و
دواتر خەوێکی قووڵ قووڵ
زۆرجارانیش
بەدەم خەوەوە ڕێدەکات
بەدەم خەوەوە قسان دەکات
بەدەم خەوەوەش دەفڕیت
شازادەیەکی شێواو / شێواوێکی شەڕانگێز
هەر بەدەم خەوەوە

شیرە دووسەرییەکەی لە قەڵغان دەردەهێنێ

بەرەو بەهەشتی خەونە دۆزەخییەکانی دەڕوا

دەڕواو دەڕواو دەڕوا

دەڕوا و ئاوڕ ناداتەوە

هەرچییەکیش بێتە بەردەمی

ڕووناکی

با

باڵندە

مێروولە

تەنانەت خاڵخاڵۆکەکانیش / خەڵتانی خوێن دەکا

هەندێکجاریش / لەسەر بەرماڵێکی ڕەشی ئاوریشمین

بەرماڵێکی ڕەش ڕەش

بەدەم دوعا و نزاوە

کڕنۆش بۆ دێو و داینەسۆرەکان دەبات

شازادە

خۆی و جانتایەک پڕ لە وەهم

خۆی و بوخچەیەک پڕ لە خەون

خۆی و گۆزەیەک پڕ لە شەڕاب

لەسەر پشتی ئەسپی گەردەلوول

بەسەر پردی سیراتەوە

پردێکی سەرابی سەما دەکات

لەنێو بەهەشتیش

دەرگای ژوورەکان بەسەر تەنیایی خۆی دادەخات

پەنجەرەکانیش

بە پەردەیەکی ئەستوور دادەپۆشێ

فەرمان بە حۆرییەکانیش دەدات

تیر بگرنە / شەپۆلەکان و خۆرەتاو و جەستەی سەوزایی

بڕیار دەدات

جگە لە گوڵە حاجیلەکان / هەموو گوڵەکانیتر دەبێ بمرن

جگە لە پایز / هەموو وەرزەکانیتر دەبێ بمرن

جگە لە مانگ / هەموو ئەستێرەکان دەبێ بمرن

کاتژمێری دەستی شازادە زەمەن ناخوێنێتەوە و

شەو و ڕۆژ لەیەک جیا ناکاتەوە

چاوەکانی

جگە لە پەیکەرە بەردینەکەی خۆی

هیچ زیندەوەرێک و بوونەوەرێکیتر نابینن

هەر خۆیی و هەر خۆیی و هەرخۆی

دواجار بڕیار دەدات

هەرخۆیشی ببێتە میری بەهەشت ...!

تەموزی ٢٠٢٠

# وەرە با زەمەن بگەڕێنینەوە دوا

ژیان پڕ بووە لە نائومێدی

شەپۆلەکانی دەریا / سروودەکانییان بیرچۆتەوە

باخچەکان / بوونەتە گۆڕەپانی جەنگ

بیابانەکان / پڕبوون لە ئێسک و پروسک

خۆرەتاو / خەمساردانە بە دەورەی خۆی خول دەخواتەوە

تەمە سپییەکان / بوونەتە ملوانکەیەکی ڕەش بە گەردنی ئاسمانەوە

مرۆڤەکان / بوون بە ڕۆبۆت و

ساڵەکان و وەرزەکان و هەموو گەردوون

لەنێو بازنەیەکی خوێنین بێپەروا دەسووڕێنەوە

وەرە با زەمەن بگەڕێنینەوە دوا

بەرە و چرکەساتەکانی

یەکەمین ماچ / بۆ عەشق

یەکەمین درەخت / بۆ سەما

یەکەمین دڵۆپە باران / بۆ سەوزایی

یەکەمین زەردەخەنە و

یەکەمین خەون و یەکەمین فڕینیش / بۆ ژیان

دەوەرە دەی

با بگەڕێینەوە نێو ئەو چرکەساتانەی

تاتوو / لەسەر جەستەی خاک دروست نەدەکرا

بە تاریکیش دەمانتوانی بە ڕێگاکاندا بڕۆین

خوێن هێمایەک نەبوو بۆ مردن

چەمکەکانی دۆڕان و سەرکەوتن نەهاتبوونە بوون

وێنەکان لەچوارچێوە نەدەدران و

خەیاڵ و بیرکردنەوەکان نەدەبوون بە دۆگما

ئەو ڕۆژانەی

هەر ڕێگایەک کۆتاییەکەی

دەگەیشتەوە بەردەم دەرگاکانی بەهەشت

هەر ئەستێرەیەک

هێمای شەوێکی سووری زەمەنە گەرمەکانی

عەشق بوو

هەر سەفەرێک لە دەفتەری گەڕان

یاداشتەکانییان تۆمار دەکرا

هەر ماڵێک کونجێک بوو بۆ ئارامی

کۆڵان و گەڕەک ماڵێکی گەورە بوو بۆ هەمووان

دەوەرە دەی / با زەمەن بگەڕێنینەوە دوا

کاتژمێری دەستم و

زنجیری گەردنم ژەنگییان هەڵێناوە

لەژێر سێبەر کەلاوەیەک ڕاکشاوم

با / تادێ لێم دوور دەکەوێتەوە

سێبەر دەموچاوی گرژ و

خۆرەتاویش هەر بەهەوەس مۆڕە دەکات

بازنەی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانیش

خوار و خێچ و لینگەو قووچن

وا خەریکە توانای هەناسەدانم نامێنێ

کتێبەکان پڕبوون لە ئاگر

خەیاڵەکان پڕبوون لە ڕەژوو

خەونەکان پڕبوون لەبەرد

پەلکەزێڕینە پرسەی ڕەنگەکان دەگێڕێ

نوور لە چاوەکانی نیشتیمان نابیندرێ

دەوەرە دەی / با زەمەن بگەڕێنینەوە دوا

با ژیان و عەشق و دۆستایەتی

بگەڕێنینەوە سەر ڕێچکەکانی جوانی

دەوەرە دەی / تا هەناسەیەک ماوە بۆ خەون بینین

ئەیلوولی ٢٠٢١

# گەڕانەوە

تۆ پەیکەرێکی پایزیت

پڕاوپڕی لە / ڕەنگ و ڕووناکی و ڕەونەق

هەر ڕەنگێکت / هێمایەکە بۆ هەوێنی هیوایەک

ڕەنگە خورماییەکەی قژی خاوت

هێمایە بۆ / شەوە شینەکانی عەشق و ژیانەوە

ڕەنگە زەردەکەی زەردەخەنەت

هێمایە بۆ / ڕوانین و ئومێد و هەستانەوە

ڕەنگە گەنمییەکەی گۆناو گەردنت

هێمایە بۆ / وەرزەکانی دروێنە و بوژانەوە

ڕەنگە سپییەکەی نێو خەون و خەیاڵەکانیشت

هێمایە بۆ / گەڕانەوە

گەڕانەوەی من

بۆ ئامێزی نیشتیمان و

بۆ باوەشە ماندووە پڕ میهرەکەی تۆ !

## منم هەرەس

ئێمە کاتێک کە لەدایک دەبین
ملوانکەی مردن
لە گەردنمان دەکەن
نووشتەیەکی بڕ لە نوور نا
پڕ لە خەتخەتۆکەی وەهمی
بە بێشکەکانمانەوە هەڵدەواسن
بۆ ئەوەی کە گەورەبووین
پەرداخێک ژەهر بە قوڕگی ژیان و
کە عاشقیش بووین
مشتێ خوێ
بە برینی یەکتریدا بکەین
یەکدووڕۆژ لەمەوبەر
لە دەفتەرە ڕەنگ زەردەکەی نیشتیمانم

لاوکە غەمگینەکەی

نووزە نووزی نووزانەوە و

چەم چەمی چەمانەوەی

خۆم و ئێوەم خوێندەوە

لە بەرگە ڕەشەکەی پشتەوەش

ئەم وردە شیعرە

بە ڕێنووسێکی سوور نووسرابوو

( منم کوڕی زەمەنێکی هەتککراو

ڕابردووم زێرابێکە

پڕ لە خاشاک و چڵپاو

لە وەرزەکانی تەمەنمدا

من گوڵێکم سیس و ژاکاو

لە کیشوەری خەونەکانمدا

کتێبێکم بە خوێن نووسراو

لە جەنگە گەورەکانی عەشقیش دا

منم هەرەس منم دۆڕاو

لە شەوێکی تاریک و تەماویش

ڕۆح هیلاک و ئەژنۆ شکاو

هاتووم ئاڵایەکی سپیم بەدەستەوە

تا چیرۆکی ئەو شکستەم

لە نێو ڕۆژژمێری یادەکانت بنووسمەوە ...! )

١٣ی ئازاری ٢٠٢٢

# خەونی من

١

تۆ دەڵێی

لە نیو منداڵدانی مانگەوە لە دایکبووی

بۆیە پڕاوپڕی

لە مراز و میلۆدییەکانی جوانی

یان دەڵێی

لە بەهەشتی مێیینە مەستە مۆدێرنەکانەوە

بە مەبەست

نێردراوی بۆ سەر زەوی

٢

تۆ /

ڕەنگی پێست و

ڕەنگی چاو و

ڕەنگی لێوت

هەزار هێمای لە پشتەوەیە

ناز و نیگات

بەژن و باڵات

ملوانکە و مەمکۆڵەکانیش

مێژووی

هەزار جەنگ و

هەزار داستان و

هەزار ئەفسانەی بەدواوەیە

٣

تاو تاو تاو

تۆز تۆز تۆز

تەم تەم تەم

هەتاو و تۆز و غوبار و تەمی تەنیایی تۆ

تەلیسم و تاوێر و تەلاری

تەمەنی منی داپۆشیوە

٤

ڕێ ڕێ ڕێ

هاودەم و ڕێبواری ڕێگام بە / بۆ تا ئەبەد

خاچ خاچ خاچ

لەنێو مەمکۆڵەکانت لە خاچمدە / بۆ تا ئەبەد

کات کات کات

بمکە بە کاتژمێری دەستی خۆت / بۆ تا ئەبەد

٥

مس و

ماسی و

مۆم

لەبیرمایە کاتێک

لەناو تەشتێکی ژێر بە تەنی

مسیان لەسەر سەرمدا تاواندەوە

دەمودەست

شێوەی چەند وردە ماسییەک بەدەرکەوتن

ڕوخساریان لە تۆی دەکرد

ورده ماسییەکان / سپی سپی سپی

وەکو مۆمێکی گەش

لەنێو تاریکایی شەودا دەدرەوشانەوە

٦

( کەسک و سۆر )

تۆ / ئەی خەونی من

وەک قەڵاو

وەک نافووره کەسک و سۆرەکەی هەولێرم

لەنێو یادەوەری و بیروخەیاڵم

بووی بە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ

مانایەکی نوێت

بە بوون و بە غوربەت و بە شیعرەکانم / بەخشیوە

٧

( شین و مۆر )

ئیتر تۆ / چیتر

ئەو پەپوولە شینە شەبەنگییەی

نێو شەباهەنگە شل شلەکانی شەوەکانم نیت

تۆ ئێستا / مێروولەیەکی مۆریت

با بتبا

ئاو بتبا

گەردەلوول بتبا

یاغر یاغر و دەم دەم / دەگەڕێیتەوە

بەرەو شانە خۆڵاوییەکەی

نێو شیعر و دیوانەکانم

٨

( ڕەش و بۆر )

قژ و گوارەکەت

پێشتر خەنەیی و ئێستاش ڕەش

ژێرکراس و ستیانەکەت

پێشتر پەمەیی و ئێستاش ڕەش

کراس و سوخمەکەت

پێشتر سەوز و ئیستاش ڕەش

تۆقە و کیفکی مۆبایلەکەت

پێشتر زەرد و ئێستاش ڕەش

جانتای شانیشت

پێشتر و ئێستاش

هەر ڕەش و هەر ڕەش و هەر ڕەش

ئێستا تۆ پەیکەرێکی ڕەش ڕەشیت

لەنێو ڕووناکی تاریکییەکان دەبریسکێیەوە

چەند وەرزێکیشە لەنێو ڕەشماڵێکی ڕەش دا

خۆت شاردۆتەوە

نەوەک / گورگە بۆرە کەڵب درێژەکانی دۆزەخ

بێن و بتبەن

بتبەن و لەمن دوورت خەنەوە

٩

ئەستێرە و

ئەندێشە و

ئەوین

تۆ / ئەستێرەیەکی پرشنگی

لەنێو ئەندێشە غەمگینەکانی ئەوین

وەک هەوێردەیەکی نیگەران

بە نێو هەورە سپییەکانی ئومێد

هەردەڕۆیت و دوور دەکەویتەوە

جار جارەش فرمێسکەکانت

دەبنە نەرمە بارانێکی بەهاری

لێوی پنجە گیا و

درەختە وشکەکان تەڕ دەکەیتەوە

١٠

خۆرەتاو و

خۆزگە و

خەون

خۆزگەکانت پڕن لە تاریکی

خۆشت بووی بە خۆرەتاو

هەمیشە ڕووناکی دەبەخشیت

تۆ بەم ئەدگارە ئیرۆسییەوە

بەم قەد و باڵا سنەوبەرییەوە

بەم خەونە خۆڵەمێشییەتەوەش

لە ئاسکۆڵەیەکی برینداری

نێو ئەفسانەکانی عەشق دەچیت

کە قرچە قرچی سووتانی قەسەری خەمەکانیشت

لە چرکە چرکی کاتژمێرێکی بێداری

زەمەنێکی ڕوو زەرد دەچیت

١١

تۆ

تۆ تۆ

تۆ تۆ تۆ

تۆ تۆ تۆ تۆ

تۆ تۆ تۆ تۆ تۆ

بەنێو پایزی هەموو زەمەنەکانی

نێو شیعرەکانم و

بەنێو / دۆڵ و دەوەنی دەمارەکانی

عاتیفەمدا تێپەڕیت

پەڕ پەڕی کتێبەکانی غەریبیت خوێندمەوە

ئیدی ( فرۆید )بیانە توانیت

نەوڕەسە نائومێدەکە و

شەهێنە شەیتانییە شەڕانگێزەکەی

نێو ناخم دەستەمۆ کەیت و ببیت

بە قورینگی نێو دەریا قووڵەکانی قەدەری من و

ببیت / بە خاڵخاڵۆکە خرپنەکەی نێو خەونەکانم

ئەی / خەونی من ...!

ئەپریلی ٢٠٢٢

## نائومێدی و قافە ڕەشەکەی قەدەری من

لە بەیانییەکی ڕوونی ڕەونەقاوی پڕ چێژ

چێژی ڕژینە پڕ سۆزەکانی ڕۆح و

چێژی دەروون و دەمار بە دەماری جەستە

چێژی ژیان و بەهەشت

چێژی زەردەخەنە و پێکەنین و نیگا گەرمەکانی فڕین

بەیانییەکی پڕاوپڕ لە درەوشانەوەی خەونەکان

ئەو خەونە خاکییە ئەرخەوانییانەی

لەگەڵ مرۆڤەکان و مێروولەکان و بوونەوەرەکان دێنەبوون

لەوێوەش بەرەو

ڕێگایەکی نادیار و نوقتەیەکی ڕەش

ڕەشتر لە خەتخەتۆکە ڕەشەکانی نێو تابلۆیە ئیرۆسییە نامورادەکان

نوقتەیەک / سەکۆیەک لە خوار مردن و

پەیژەیەک لە سەروو دۆزەخ

خەیاڵەکان و ڕێگاکان و بینینەکانیش دەورەدراو

بە ترسێکی ڕەهیب و تۆقێنەر و فۆبیایی

لەم نێوەدا

سووتانی پەڕەکانی کۆڵارەی بەرزەفڕی و شکۆمەندی

هاتنە خوارەوەی فرمێسک لە چاوەکانی شیعر

کونبوونی بەلەمە موسافیرە بێ شووناسەکان و نەگەیشتنیان بە کەنار

هەڵوەرینی باڵەکانی / کۆتر و پەڕەسێلکە و

پەپوولە پەرتەوازە پایزییە بێگوناهەکان

تەلخ دەرکەوتنی ئەستێرە ئاوییەکانی ڕەهایی

پارچە پارچەبوون و وردوخاش بوونی ئاوێنەکانی ئومێد

ڕەشبوونەوەی مەوداکانی نێوان تاریکی و ڕووناکییە ڕەنگاوڕەنگەکان

ڕاکشان و پیاسەکردن لەناو خاشاک

دۆش داماو لە کرانەوەی پەنجەرە و دەرگاکان و

لە شوورە تەڵبەندە دڕکاوییەکانی دەورەی تاوێرەکان

تێپەڕبوونی زەمەن بە هێڵێکی خواروخێچ

گڕگرتنی خەون و بە خۆڵەمێشبوونی ئاسۆکان

کۆچکردنی ڕەنگە ڕازاوەییە ئاچوغەکان و

دەرکەوتنی ڕەنگە تۆخە ڕەشۆکییە ڕەشهەڵگەڕاوەکان

سەمفۆنیایەکی خەواڵوو و ناخهەژێن و هێمن

پچڕپچڕ بوون و پچڕانی ئەلقەی هەموو پەیوەندییەکان

مانگ بێئاگا لە خاک

خاک بێئاگا لە خودا

خودا بێئاگا لە نیشتیمان

نیشتیمان بێئاگا لە سەوزایی

سەوزایی بێئاگا لە زەمەن

دواجار / منیش بێئاگا لە هەموو شتێک

تەنانەت بێئاگا لە خۆیشم

شەپۆلەکان بە ناڕێکی دێن و دەچن

نەمانی شێوەی ئەندازەیی

بازنەکان و سێگۆشەکان و لاکێشەکان

ونبوونی گەردەلوول لەنێو بۆشاییەکی جەنجاڵ

بەڕیز ڕیزبەستانی جەڵادەکان و

دارەبازەی مردنیش بەسەرشانیانەوە

بەتاڵبوونەوەی ئاسمان

لە هەورە سپییەکان و لە باڵندە و هێلە چەماوەییەکانی

پەلکەزێڕینە

کەپرە دارینەکانی خەمۆکی بوون بە ماڵی هەمیشەیی و

پەرستگەیەکی چراخانی پرشنگی

وردبوونەوە لە ڕووناکی تا کۆتایی مەوداکان

دیوێکی تری شێتبوونە

وەڕسبوونی کاتژمێرەکان و دوورکەوتنەوەیان

لە خوێندنەوەی چرکە و کاتە کەمەر شکێنەکان

کەوتنەخوارەوە و ڕەشبوونەوەی نوقتەکانی

سەر وشە و چەمکەکانی / عەشق و خۆشەویستی و ئەڤین

یاخیبوونیان لە ژیان و لە گەردوون و

رووتبوونەوەیان / ڕووتبوونێکی ڕووت ڕووت

نائومێدبوون لە نووری فریشتە شەیتانییەکان و

لە ئەوینە ئاگرینە ئاونگییەکان

لە مەراقە ئیرۆسییە کوشندەکانی ڕۆژهەڵات و

لە ئاوازە غەمگینەکانی

نێو ڕۆژە ڕەنگینەکانی ڕۆژ ژمێری شاعیرێک

قافێکی ڕەش / لە پشت سێبەرە شێواوەکانی

قەڵەمەکەی من و

قەدرێکی نادیار لەنێو قووڵایی بیرکردنەوە تاریکەکان
کە بە پێخاوسی بەرەو ئاقارێکم دەبەن
ئاقارێک / نە ڕێگایەکی لێوە دیارە و نە جۆگەلەیەک
نە باخچە و چیمەنێک و نە درەختێک
تا چاو بڕکات هەر وشکایی / تا چاو بڕکات هەر تاریکی
لەم ڕووبەرە خۆڵەمێشییە خەماوییە خەمناکەشدا
ئەوە منم / لە پشتی هاوکێشە دۆزەخاوییەکەی
نائومێدی و قافە ڕەشەکەی قەدەری من
منێکی مردووم / بە مردوویی هەناسە دەدەم
بە مردوویی دەڕوانم و بە مردووییش خەون دەبینم ...!

نیسانی ٢٠٢٢

# بێدەنگی

چاوەکان بێدەنگ بێدەنگ
لە بنمیچەکان دەڕوانن
چاوەکان بە فرمێسکەوە دەڕوانن و
بێدەنگ بێدەنگ / بە بێدەنگیش قسە دەکەن
دنیایەکی چەند خامۆش و خەمۆکییە
بێدەنگی باڵی بەسەر
ژیان و ئاسمان و زەوی و
دار و درەخت و تەیر و تار و شێر و پڵنگ و
مرۆڤ و گەردەلوول و ڕەشەبا و کەڵەشێر و
ئەستێرە و ئەسپ و نەهەنگ و دەریا و
هەور و بروسکە و هەموو گەردوون کێشاوە
لەناو ئەم بێدەنگییە تۆقێنەرە سترێساوییە
تەنها / جەنگ و برسییەتی و
شێتبوون و خۆکوشتن و ونبوون و

کۆیلەتی و مردنە دەبیندرێ

هێدی هێدیش

خوێن بەسەر لاشەی جوانیدا تێدەپەڕێ

خۆکوشتن بەسەر لاشەی عەشقدا تێدەپەڕی

برسییەتی بەسەر لاشەی سەوزاییدا تێدەپەڕی

مردنیش بەسەر لاشەی ژیاندا تێدەپەڕی

خۆرەتاویش بە کەمانجەیەکی رەشەوە

هێمن هێمن

ئاوازە غەمگینەکانی تاریکی و

سەمفۆنیا بێدەنگەکانی نائومێدی دەژەنێ

نیسانی ٢٠٢٢

# شەڕابی عەشق

من ئەو شاعیرە نەرجسییە ئیرۆسییەم
گەر دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوورم دەبوو
دەسەڵاتێک / بم توانیبا
تابلۆکانی سروشت و زەمەنی وەرزەکان و
سنووری کیشوەرەکان و
ڕێڕەوی ئۆقیانووسەکان بگۆڕم
ئەوکات / هەموو کچۆڵە و ژنە عاشقەکانم
لەبەر تیشکی خۆر و لەبەر باران
ڕووت دەکردنەوە / ڕووت ڕووت
بەدەم سەمفۆنیای مۆنامۆیی و
سەمایەکی نەرم نەرمی سێرنادایی
تا گەیشتن بە ڕووناکییە پرشنگییەکانی مەستبوون و
گەیشتن بە ترپەکانی توانەوە
تا لیکە لینجاوییەکانی حەزەکانییان لەگەڵ باران

بەنێو درزەکانی خاک دەچوونە خوارەوە

لەوێوەش / تێکەڵ بە کانی و جۆگەلە و

ڕووبار و دەریاکان دەبوونەوە

تا خونچە و پشکۆکانی عەشقیش

لە پێدەشتەکان و باخچە و کێلگەکان و

لە هەموو شوێنێک سەریان دەردەهێنا

ئەستێرەکانیش /

لە ئاسمانەوە هێدی هێدی دەهاتنە خوارەوە

شەقام و گۆرەپانەکان دەبوون بە چراخانی سەما

دڵدارە دڵگەشەکان و قاقۆڵ قیتەکانیش

مەتارە و گۆزەی ماڵەکانییان پڕ دەکرد لە ئاوی حەیات و

لە ئاوی ئارەزووی دوڵبەرەکانیان

شەوانانیش

بەدەم گێرانەوەی چیرۆکە ئیرۆسەکانییان

یەک لە دوای یەک / پێکی شەڕابی عەشقیان هەڵدەدا

٢٠٢٢ / ٥ / ١

## نەفرەت

من وەک شاعیرێک

هێندە بەنێو کۆڵانەکانی خەیاڵ هاتوچۆم کردووە

کەلێن و قوژبنە تاریکەکانم بەسەرکردوونەتەوە

لەنێو رووبەری ناخودئاگاییشم

وردە شووشەی خەونە شکاوەکانم کۆکردوونەتەوە

بە چاوەکانی خەیاڵ لە هەموو شتێکم ڕوانیوە

تا ئەو ئەندازەیەی وامزانیوە

من لە جنسی مرۆڤ نیم و پەیکەرێکم لە وەهم

هەر بۆیە /

کە وەک باڵندەیەک بە قووڵایی ئاسماندا دەفڕم

هەور هەستم پێ ناکات و

گۆرانییە غەمگینەکانم لەگەڵدا ناڵێتەوە

یان / کە بەڕێگادا دەڕۆم مرۆڤەکان مۆڕەم لێدەکەن و

سڵاو و زەردەخەنە و نیگاکانم وەرناگرنەوە

چەند ئەستەمە / بەبێ مەبەست و بەناڕەوا

بەر نەفرەتی زاڵمانەی زەمەن بکەویت

یان ببیت بە ڕۆمانێکی درێژ و

بە ڕێنووسە ڕەشە ڕۆندکاوییەکانی تەنیایی بنووسرێیتەوە ...!

مەی ٢٠٢٢

# سێ پیت لە پیتەکانی نائومێدی

١

ن / نەرم نەرم بم شێلە ئەی نائومێدی

بە ڕێنووسە ڕەشەکانی ونبوونم

بمکە بە ڕۆمانێکی درێژ

لەنێویدا

وردە شووشەکانی

ئاوێنەی بوونم کۆکەرەوە و

لەسەر ڕووی دەریاش

مانایەکی نوێ

بۆ ژیان و عەشق بنووسەوە

نەرم نەرم بم شێلە ئەی نائومێدی

بەداوە سپییە وەریوەکانی قژی خەونەکانم و

ڕەنگی کاتژمێرە وەستاوەکانی تەمەنم

یان بە پارچە خەڵووزەکانی

خەمە ئاگرینە دۆزەخییەکانم و

سترێسە ترسناکە مەرگئامێزەکانم

تابلۆیەک بکێشە

لەنێویدا

بمکە بە باڵندەیەک و

لەئاسمانی نیشتیمانم بمفڕێنە

بمکە بە ڕێژنە بارانێک و

بەسەر باخچە و گوڵە ژاکاوەکان / بمبارێنە

ڕووبارەکانی ناو تابلۆکەت

پڕکە / لە فرمێسکی سەرگۆنای

منداڵە دەسفرۆشەکان

بمکە بە ژەمێ خواردن و لەسەر سفرەی

ماڵە هەژارێک دامبنێ

یان بمکە / بە چراکە

لە شەقامێکی تاریک دامگیرسێنە

دەی / نەرم نەرم بم شێلە ئەی نائومێدی

٢

ئ / ئاگر لە پەرێزی خەونەکانم بەربووە

چاوەکانم و دەمارەکانی جەستەم وشکییان کردووە

پڕبووم لە گومان و لە تاریکی

بوون و یادەوەرییەکانم بیرنایەتەوە

نە سیماکان و نە ڕێگاکان و تەنانەت

ڕوخساری خۆیشم ناناسمەوە

لە دوورەوەش

ڕووناکییەکی ڕەش ڕەش دەبینم / ئەی نائومێدی

٣

د/ دەمەوێت دوورتر بڕۆم

دوور دوور دوور

دوور لەژیان و لەمرۆڤ و لە ئاوەدانی

دوور لەپەرستگەکان و لە عەشق و لە ئاوێنەکان

دوور لە هەموو شتێک

لە شوێنێک

لەژێر کەپری تاریکیدا

بەرگی مرۆڤبوون لەخۆم دابکەنم

بەتاقی تەنێ / لەگەڵ شیعر هەناسە بدەم

لەدەفتەرێکیش

جوانییەکانی / باڵندەکان و درەختەکان و

ڕووبارەکان و ئەستێرەکان .. ڕەسم بکەم

دەی نەرم نەرم بم شێلە / ئەی نائومێدی ...!

تەموزی ٢٠٢٢

## ژیان ئەوە نەبوو کە بۆی هاتین!

گوفەکێک پڕ لە قۆپچە

دۆڵێک پڕ لە ئێسک و پروسک

کوێرە کانییەک پڕ لە موو

نوقتەیەکی ڕەش

ڕەشتر لە کراسە قەترانییەکەی دایکم

ژوورێکی تاریک

تاریکتر لە نیگا تەنیاییەکانی مانگ

ئاوێنەیەکی تەڵخ و

فانۆسێکی پەژمووردە

هاوارە نەرمەکانی بەرد و

ئاوسبوونی شەوە تریفەییەکان لە تەم

چاوی ڕووبارەکانیش سوور سوور

سوورتر لە شەوە سوورەکانی بەهەشت

لەم هاوکێشە خواروخێچەدا

بەفر نامۆیە بە خاک

باران بە گیا

با بە درەخت

ئێمەش / هەر دەڕۆین و ئاوڕ نادەینەوە

وەڕسبووین لە بینینی بازنەکانی

هەمان / وەرزەکان و ڕەنگەکان و فڕینەکان

وەڕسبووین لە خوێندنەوەی

ئەفسانە تراژیدییەکان و

لاوکەکانی فرمێسکی خاک و

دەمارەکانی ناولەپی ئەستێرەکان

وەڕسبووین لە ڕۆینە بەردەوامەکانی نێو

هەمان قوڕ و لیتە و سڕبوونی پەنجەکانمان

کەوتن لەسەر هەمان

سەکۆ سەهۆڵاوییەکان و شێتبوونی شەپۆلەکان

ئەی زەمەن

لەنێو تاریکستانی ئەم گەردوونە

کاتژمێر چەندی وەڕسبوونە

هەر دەڕۆین و ڕێگاکانیش

داپۆشراون بە وردە شووشە

بازنەی تاریکیمان کردۆتە دەست و

جانتایەک لە بێدەنگی بە شانمانەوە

شان و مل و بەرگ تۆزاوی

ڕوخساری یەکدی ناناسینەوە

لەنێو لاوژەو وڕێنەکانیشمان

دەڵێین /

ژیان ئەوە نەبوو کە بۆی هاتین !

هەر دەڕۆین و

بەسەر بڵندایيەکان دا سەردەکەوین

لە کتوپڕ تابلۆیەک دەبینین

لەسەری نووسراوە مردن

بەسەر پەیژەکاندا هەڵدەگەڕێین

دواتر /

خۆمان لە بناری بنارەکان دەبینینەوە

بەسەر گردۆڵکە ئاگراوییەکانی خۆرەتاودا بازدەدەین

لەودیوەوە

دەرگاکانی دۆزەخمان بۆ خراوەتە سەر گازەرەی پشت

شاخە بێستوونییەکانی عەشق کون دەکەین

لەوبەرەوە / وەک تۆز و با

لەنێو تاریکیدا ون دەبین

ئێمە خۆمان لە دەست نائومێدییەکانمان ڕادەکەین

ئەستێرەکانیش تا دێن وردتر و دوورتر دەکەونەوە

لە پەرستگە و کاروانسەراکانیش

شەڕابی خەونە وەهمییەکانمان هەڵدەدەین

وەڕسبووین / لە ڕازە نامورادەکانی نەبەردبوون

لە ئارامی خەوە نائارامییەکانی ئاو و

لە لاوکە غەمگینییە خەفەتبارییەکانی لالش و

لە ئاوسبوونی پەپوولە مێینەکان لە شەونم و

لە سووتانی شوورەی

درەختە شۆڕەبییەکانی شادومانی

هەر خۆمان پەیکەرێک دەتاشین و

خۆیشمان لەبەردمیا دەچەمێینەوە

بەختەوەریەکانیشمان دەبەخشین بە ڕەشەبا

ئەی زەمەن کاتژمێر چەندی خۆکوشتنە

هەزار حەیف و موخابن

ژیان ئەوە نەبوو کە بۆی هاتین !

ئەیلوولی ٢٠٢٢

# ژینا بوو بە ژیان

پرچی ژینا بوو بە ڕەگی درەخت و
بە قووڵایی خاک چووە خوارەوە
هەناسەکانی ژینا
بوون بە شنەی با و برینی جەستەی
ئازادیخوازانی فێنک کردەوە
خوێن و خەونەکانی ژینا
بوون بەخۆرەتاو و گڕی بەردا
لە شەقام و لە گەڕەک و
شەوە تاریکەکانییان ڕووناک کردەوە
ژینا / بوو بە مانگ و ئەستێرە
بوو بە دروشم و شۆڕش
بوو بە هێمایەک بۆ ئازادی
بوو بە شەبەنگ و ڕووناکی
بوو بە گلێنە و نیگا
بوو بە شەپۆل و دەریا

بوو بە ڕەنگ و کەڕنەڤاڵ

بوو بە خەون و بە خەیاڵ

بوو بە هەور و بروسکە

بوو بە ڕۆشنایی و تریفە

بوو بە باخچە و سەوزایی

بوو بە چلە زەیتوون و نێرگز

بوو بە کرێوە و باران

دواجار / ژینا بوو بە ژیان ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٢

# فۆڕمی (گەڕان)

• مانیفێستۆکەیەک یان ئامانجمان لە فۆرمی ( گەڕان )

سـەرەتا فۆرمـی ( گـەڕان ) فۆرمێکـی نوێیـە بـۆ شـیعر نووسـین ، ئامانجـمان لـە داهێنانـی ئـەم فۆرمـە ئەوانەی خـوارەوەن .

١/ گـەڕان بـە دوای ناونیشـان دا ، واتـە گـەڕان بـەدوای ( شـوناس ) دا ، چ لـە ئاسـتی تـاک یـان لـە ئاسـتی کـۆ واتـە ( کۆمەڵگـە ) .

٢/ بەشـداریکردنی کارای خوێنـەر لـە بەرهەمهێنـان یـان تەواوکردنـی دەق ، بـە دانانـی ( ناونیشـان ) واتـە ، ئاوێزانبوونـی خوێنـەر لـە ڕووبـەرە شـاراوەکان و تاریکەکانـی دەق .

٣/ بەرینترکردن و فراوانکردنی دەسەڵاتی خوێنەر.

٤/ دەرکەوتنـی خوێنـەر وەک بوونێکـی ( ئـازاد ) ، هـاوکات لەبـەردەم هەڵبژاردنـی چەنـد ئۆپشـنێک.

٥/ ئیشـکردن لەسـەر گومـان و ڕەتکردنـەوەی بوونـە ڕەهـا و جێگیـرەکان ، واتـە هەڵوەشـاندنەوە و دووبـارە بونیادنانـەوەی دەسـتەواژەکان و چەمکـە میتافیزیکـی و جێگیـر و چەسـپاوەکان .

تێبینـی / خوێنـەر دەتوانێ ناونیشـانی وردە شـیعرەکان لـە وشـەکانی سـەرەوە هەڵبژێـرن ، هەندێکیـان زێـتر لـە ناوێـک لەخۆدەگـرن ، خۆیـان ئـازاد و سەرپشـکن لـە دانانـی ناونیشـانەکان ...!

## گەڕان / ٥

( لـە دایکبـوون ، عەشـق ، ، دووری ، هیـوا ، تەنیایـی ، ئەزمـوون ، چاوەڕوانـی، نائومێـدی ، گەڕانـەوە ، ونبـوون ، مـن و تـۆ ، خـەون ، جودایـی .... )

١

( ...... )

ئێمە نا مرادانە هاتینە دنیا

بێ هیچ میلۆدییەک و ناسنامەیەک

مردن ئێمەی بە ژیان ناساند

بۆیە ئێمەش / بە لق و گەڵاکانی مردن

ماڵێکی ئەبەدیمان بۆ خۆمان دروست کرد

٢

( ......... )

بەر لە ڕۆیشتنت

دڵی خۆمم لەنێو دیوانە شیعرێکدا

لەژێر درەختێک بۆت بە جێهێشت

وامزانی لەگەڵ خۆتدا دەیبەیت و

دەیخەیتە نێو بوخچەی خەونەکانتەوە

ئێستا هیندەی دەگەڕێم

نە تۆ دەدۆزمەوە نە دڵی خۆم

پڕ بووم لە هەستەکانی تەنیایی

خەیاڵی بێ ئۆقرە و نائارامیشم

نە لە ئاوەدانی ئاو دەخواتەوە / نە لەگەڵ خۆم ...!

٣

( ........... )

من وەکو تۆ بیرناکەمەوە

تۆش / تەنها خۆتبە و هیچیتر

من لە نێو شیعرەکانم

پەیکەر بۆخۆم دەتاشم

تۆش / هیچ کەسێک و

هیچ هێزێک مەکە بە سەروەر و بە خودای خۆت

دەکرێ هەردووکیشمان بەیەکەوە

گۆرانی بۆ ژیان بڵێین ....!

٤

( .......... )

مرۆڤە تەنیاکان نزیکن لە خوداوەند

باڵندەیەکن / بە میلۆدییە غەمگینەکانییان

ژیان ناسکتر و شەوەکانیش دەدرەوشێننەوە ...!

٥

( ........... )

تەمەن کورتە و

گەڵای درەختەکانی مردنیش

ڕێگاکانییان داپۆشیوە

تۆش تا ئێستا /

نەتتوانیوە کۆدی خەونە سپییەکانم

بکەیتەوە

لەنێو تەنیایی خۆتدا غەرقبووی

بووی بە پایزێکی ڕەنگ زەرد و

زمانی سەوزایی و

بەهار و عەشقت  بیرچۆتەوە ...!

٦

( .......... )

ژیان دڵۆپە فرمێسکێکە

بەسەر لێوی گوڵێکی ڕەشەوە

بەدەم دەرکەوتنی خۆرەتاوەوە

دەبریسکێتەوە

منیش لەو ساتەوەی بەدیار فانۆسێکی

شووشە دوکەڵاوی هاتوومەتە دونیا

بۆ یەک چرکەش

دەستم لە لچکە کراسی خەونەکانم / بەرنەداوە

بەڵام داخەکەم

ئێستا / نائومێدی بۆتە ماڵی هەمیشەییم

٧

( .......... )

من لەگەڵ تۆ / دەتوانم

بەنێو ئاگردا ڕەت ببم و نەسووتێم

بۆ تا ئەبەد

لەنێو بەستەڵەکی باکووری غەریبی بمێنمەوەو

پەنجەی خەونەکانم سڕ نەبن

بەسەر هەورازە سەختەکاندا هەڵگەڕێم و نەکەوم

بەنێو /

جەنگەڵستانە چڕەکانی تاریکیش گوزەر بکەم و ون نەبم ...!

تەمووزی ٢٠٢١

## گەڕان / ٦

( ئاگر ، کڕنووش ، ڤینۆس ، یادەوەری ، ئەبەدییەت ، ڕووناکی ، ئەفرۆدیت، نائومێدی ، عەشق ، ڕێکەوت ، هیوا . ونبوون ، پێکەوەبوون ، ..... )

١

( .......... )

گەر تۆ خۆرەتاو بای

گەردوون

یەکپارچە دەبوو بە خەڵووز

٢

( ...........)

عەشقی تۆ

وەکچۆن سەرەتای نەبوو

کۆتاییشی نییە

دەخوازم لە باوەشی تۆ و

لەگەڵ تۆدا بمنێژن

وەکچۆن ژیانت بۆ من نەبوو

با مردنت بۆ من بێ

٣

( ........ )

ژنێک لە جنسی ئاگر

بە نیگایەکی نەرمی خوماری و

بە قژێکی خاوی خەنەییەوە

لە کۆڵانەکانی خۆرەتاوەوە

خۆی خزاندە نێو دڵۆپە بارانێکی خرپنەوە

ڕژایە نێو پێدەشتی خەونەکانمەوە

لەنێو باخچەی تەنیاییمدا

دار و درەخت و

گەڵا و گوڵە سیس و ژاکاوەکان / گەشبوونەوە

شەوەکانم پڕ تریفە و

خەیاڵەکانم پڕ بوون لە شیعر

منیش هەر ئەودەم

دەرگای دڵ و

بوخچەی گرێدراوی ئارەزووەکانم / لێیکردەوە

٤

( ........... )

تۆ دەتوانی

لەنێو مەودا دوورەکان دوورترم بکەیتەوە

لە مەملەکەتی غوربەت غەریبترم بکەی

لە دۆزەخی عەشق عاشقترم بکەی

لەنێو وەرزەکانی تەنیایی تەنیاترم بکەی

لە خەونەکانم دوور و لە نائومێدیش نزیکم بکەیتەوە

٥

( ........... )

وەرە ئەی شۆخ

من لەنێو ڕووبەرە تاریکەکانی ناخی خۆم

چەندین مۆمت بۆ دادەگیرسێنم

تۆش /

لەنێو ڕووبەرە تاریکەکانی جەستەی نیشتیمان

تەنها فانۆسێک و هیچیتر

٦

( .......... )

من هیچم لەتۆ ناوێت / ئەی نیشتیمان

تەنها / پۆتینێک و پایسکلێک و

یەکدو گۆڤاری ڕەنگاورەنگی منداڵانە

بە منداڵیم ببەخشە و هیچیتر

٧

( .......... )

ئایا دەتوانین

خەون بە سبەینێیەکیتر ببینین

یان / سبەینێیەکیتر بهێنینە نێو سبەینێمان

یان ڕەنگ و پێکهاتەی وەرزەکان بگۆڕین

بۆ نموونە

لە پایزدا هێندە گەڵاکان نەوەرن

یان / چەمکی نائومێدی لەنێو کتێبەکان بسڕینەوە

ئەگەر وانییە / ئازادی لەکوێی خەیاڵەکانمان

جێگای دەبێتەوە

ئەی نەمانگوت / ئازادی ئەوکاتە مانایەکی هەیە

کە مرۆڤەکان مومارەسەی دەکەن ...!

ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

# گەڕان / ٧

( هۆگری ، هەستانەوە ، هەڵوەرین ، کورد . چارەنووس ، کەوتن ، پایز ، ئومێد ، عەشق ، خەمۆکی ، قەدەر ، ڕاکردن ، ڕەنگاوڕەنگ ، نوێبوونەوە ، ئێمە ، نائومێدی ، هاوار ، بەرائەت ، سروود ، ڕاکردن ، گۆڕان ، وێران ، ژیان، دڵشکاو ، نیشتیمان ، مردن ، ڕاکردن ...! )

١

( ..........)

خۆرەتاو هەموو بەیانییان

لە نێو خەیاڵەکانی من هەڵدێ

ئێوارانیش

لەنێو قژە خاوە نەرمەکەی تۆ ئاوا دەبێ

پایزی هەموو ساڵێکیش

لەنێو عەشقی من دەست پێدەکات و

دوا گەڵای

لەنێو خەونە سپییەکانی تۆدا دەوەرێ

بۆیە هەمیشە

نیگای خەونەکانت زەرد و

قژە خاوە خومارییەکەت سوورێکی خەنەییە / ئەی شۆخ

٢

( .......... )

لەنێو گەلەری بوون

هەریەک لە ئێمە

تابلۆیەکی بێگەردی ناوازەین

وەلێ قەدەر / دواتر

بە ڕەنگە ڕەشەکانی مردن ڕەنگمان دەکات

٣

( .......... )

عەشق جگە لە نائومێدییەکی نارنجی و

ژیانیش / جگە لە وەهمێکی شین هیچیتر نییە

من وا ناڵێم

خەونەکانم لەسەر پارچە کاغەزێکی گەچراو

ئەمەیان بۆ نووسیم

٤

( ........... )

تۆ ئەو مرۆڤە نامرادە ماندووەی

مەمکەکان و هەموو جەستەت

لە چاوەڕوانی ڕێبوارێکی لە خۆت شەیداترە

تا دەمار بە دەماری عاتیفەت

پڕ بکات لە خۆشەویستی و

ڕووبارێکیش لە عەشقت پێ ببەخشێ

٥

( ......... )

گەنجێک بەتاڵ و عەتاڵ

لەگەڵ / خەون و خەیاڵە نائومێدییەکانی

بەنێو شەقامەکانی شاردا دەسووڕێتەوە

بە تەنیشت ئەمبولاسێکدا ڕەتدەبێ

دوای یەکدوو چرکە بۆی دەگەڕێتەوە

بە قەڵەم ماجیکێکی ڕەش

لەسەری دەنووسێ

ئێرە مەملەکەتی مردووەکانە

کەس پێویستی بە تۆ نییە

( ئەو گەنجەش / یەکێک بوو لە دەرچووانی زانکۆ...! )

٦

( .......... )

گوڵە حاجیلەکەی قەدپاڵی قەڵا

زۆر دەترسم

بێویستی خۆمان

دیدارەکەمان

بکەوێتە بەهەشتی غەمگینەکەی / ئەو دونیا

٧

( .......... )

لە نیشتیمانی من

مەرگ لە کۆنە تراکتۆرێک دەچێ

بە ترەترِ و تەقە تەق

جەستەی ژیان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ

٨

( .......... )

وەرە ہمبە

ئێرە / نیشتیمانی کوشتنی خۆرەتاو و

داڕمانی قەڵای خەون و

شکاندنی پەیکەری هیواکانمە

وەرە ہمبە / بۆ هەر جێگایەک

ئەی مرۆڤە خاکی و سپییەکە

بەس لە تاریکی ئەم دۆزەخە ڕزگارم کە

٩

( ......... )

ئەی پەپوولە شینە باڵڕەنگینەکە

ئەگەر ڕۆژێک

سەردانی باخچەکانی دڵم نەکەی

شینی چاوی شیعرەکانم

شینی تریفەی شەوەکانم

شینی شەونمی بەیانییەکانم

کاڵدەبنەوە

خۆشم /

وەک گەڵایەکی چاو ڕەشی قژ زەرد

لە دواهەمین درەختی پایزێکی خەمناک

جیادەبمەوە

دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیش

بەسەر گەردنی ئومێدەکانم

شۆڕدەبنەوە

١٠

( .......... )

لەگەڵ گۆڕستان و مردن ڕاهاتووین

لەگەڵ ژیان نا

لەگەڵ خوێن و خنکان و خۆکوشتن ڕاهاتووین

لەگەڵ خەون نا

لەگەڵ چەمانەوە و کۆیلەبوون و کڕنووش ڕاهاتووین

لەگەڵ شکۆمەندی نا

لەگەڵ جەنگ و کوشتنی ئەویتر ڕاهاتووین

لەگەڵ عەشق نا

لەگەڵ دۆزەخ و ئازار و ئاگر ڕاهاتووین

لەگەڵ ئازادی نا

چ بوونێکی بێ بەها و

چ تابلۆیەکی تەماوی و

چ تەیرە عەبابیلەیەکی عەنتیکەی / ئەی کورد ...!

کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## گەڕان ٨

( بـاران ، میهـر ، ڕەشـبوونەوە ، تابلـۆ ، وەهـم ، دۆزەخ ، ئومێـد ، سروشـت، ونبـوون ، کۆڵنـەدان ، مـردن ، بەرائـەت ، ئەبـەدی ، یـادەوەری ، عەشـق ، نائومێـدی ، ئەشـقیا ، دابـڕان ، ناتەبـا ، هـاوڕێ ، کەوتـن ... )

١

( ........... )

ژیانمان / دۆزەخ

مێژوومان / دۆزەخ

ئایندەمان / دۆزەخ

لەنێو ئەم نائومێدی و مردنە کوشندەیە

ئیدی گەلۆ /

بەهەشت چ درۆیەکی گەورەیە ...!

٢

( .......... )

تۆ لە هەڵمی

نێو کەفوکوڵی

سەر مەنجەڵە شیرێکی کوڵاو دەچیت

لە چاوتروکانێکدا ون دەبیت

تۆ تەنها / لەنێو رووبەرە نادیارەکان و

ونبوون بوونت هەیە / ئەی شۆخ ...!

٣

( .......... )

تۆ یەکێک لە پەرییەکانی خودا و

ڤینۆسە سەوداسەر و سەرمەستەکانی منیت

لەنێو پەرستگە ڕووناکەکانی

نێو خەون و شیعرەکانم دەژیت ...!

٤

( ......... )

تۆ لەو دڵۆپە بارانە دەچیت

کە هەمیشە

لێوی پنجە گیاکان تەڕدەکەیتەوە

سەوزایی بە سروشت و

هەناسەش بە قەڵەمەکەی من دەبەخشیت ...!

٥

( ............ )

من لەمەودوا

یەکێک

لە کتێبە شیعرییەکانم ناو دەنێم

تۆی / خەونی من ...!

٦

( .......... )

لەنێو چاوەکانت مردنی خۆم و

لەنێو نیگاکانت جەستەی شیعرەکانم و

لەنێو دڵۆپە فرمێسکەکانیشت

گۆڕستانی خەونەکانم دەبینم

لەگەڵ ئەوەش

من پڕم لە جوانییەکانی تۆ

بەڵام هەموو ڕۆژێ

لە بناری مەمکۆڵەکانت

نائومێدییە گەورەکانی خۆم دەنووسمەوە

٧

( .......... )

تۆ دڵت هی خۆتە

بەڵام من نا

منیش خەونەکانم هی خۆ من

بەڵام تۆ نا

جیاوازییەکانی ئەو دونیاشمان

دۆزەخ بۆ من و

بەهەشتیش بۆ تۆ ...!

٨

( ........... )

١/ ( بۆت نووسیبووم

وا لەنێو دەریای ماڵئاوایی

بلق بلق دەخنکێم ... ! )

٢/ چیت بۆ بنووسم ئازیز

هەمووومان دەمێکە

لەنێو ڕووبارە لیخنەکانی نائومێدی

خنکاوین

هەر دەڕۆین و

پەنجەرەیەک نادۆزینەوە بۆ ڕوانین

ڕووناکییەک نابینین بۆ ئارامبوونەوە

هاوڕێ / دەمێکە دەمێک

بە دەستاڕی دڕندەیی یەکتری دەهاڕین

کاتژمێری خەونەکانیشمان

چک چک چک

جار جار دەوەستێ و

جارجارەش

بە خوار و خێچی دەسووڕێتەوە

٩

( .......... )

منداڵیم لە نێو مندا

نەک هەر نیشتیمانم

هەموو گەردوونی داپۆشیوم

هەربۆیە ئێستاش

بە خەیاڵەکانی منداڵیم / خەون دەبینم

لەنێو شیعرەکانیشم

بە زمانی منداڵیم قسە دەکەم و

به دەسته پاستیلێکیش

لەسەر دەفتەر ڕەسمەکەم

خەتخەتۆکەی ڕەنگاوڕەنگ دەکێشم ...!

دیسەمبەری ٢٠٢١

# گەڕان ٩

( گەڕانـەوە ، عەشـق ، نەفـرەت ، نائومێـدی ، پێکـەوە ، خـەون ، تابلـۆ ، مـردن، مـرۆڤ ، نادیـار ، ململانـێ ، غەریبـی ، بینیـن ، قـەدەر ، تەنیایـی .... )

١

( ......... )

تەنیایی من

لە تەنیایی نیشتیمانم دەچێ

هەرجارەی بەر

قامچی و

ڕم و

تیر و

چەقۆی / زاڵمێ دەکەوێ

٢

( ......... )

من هیچم پێ نییە بۆ گوتن

هێندە نەبێ

تۆ کۆڵارەیەکی داو پساو بووی

بەناو تاریکاییەکانی

گەردەلوول و

زریان و

تۆفاندا / ڕەت دەبووی

قەدەر تۆی بە دارتەلی دڵم وەنووساند

ئیتر لەو ڕۆژەوە

وەک چەند دڵۆپە خوێنێک

تک تک تک تک تک

تێکەڵ بە شەباقەی

برینی / شیعر و خەونەکانم بووی

وەک تابلۆیەکی ئەبەدیش

لەنێو کونج و کەلەبەر و

سەر دیوارەکانی کەلاوەکەی

نێو عاتیفەم سەیڤ بووی

٣

( .......... )

کاتژمێرە ئاگرییەکەی

نێو دۆزەخی شیعرەکانم

لە دووری دوورەوە

لەم باکووری غەریبی و نائومێدییەوە

جگە / لە ترپە ماندووەکانی دڵی تۆ

هیچ شتێکیتر ناخوێنێتەوە

٤

( ........... )

تۆ دەتوانی خۆت خالی کەیتەوە

لە من و لە هەموو شتێک

بەڵام لە خەونەکانت نا

کاتێک کە خەون نەما

کۆتایی هاتنە بە هەموو بوونەکان و

توخمە سەرەکییە سەرمەدییەکان و

ڕەتبوونە بەنێو میلۆدی هەموو مەوداکان و

گەیشتنە بە دوا نوختەی ئەوسەری دونیا

٥

( ............ )

بە نیگایەکی وردیلەی نەرمەوە

هێندە لە جوانییەکانت

ورد بوومەوە

تاکو توانیم /

نەک هەر نیگەرانییەکانی خۆم و

نائومێدییەکانی نیشتیمانم

بەڵکو / هەموو ژیان ورد ورد

لەنێو وردە شیعرەکانم / بنووسمەوە

٦

( ........... )

مردن

هەمیشە هەوڵدەدات

ڕەنگە تۆخەکانی خۆی

لەنێو تابلۆکانی ژیان

بەتاڵکاتەوە

ئێمەش بە دەستبار

دەتوانین تابلۆکان

لە ڕەنگە ڕەشە ڕەشبینییەکان

دوورخەینەوە

٧

( ........... )

کاتێک

باران نم نم و بەلەنجەوە دەبارێ

من لەنێو شیعرەکانم سەما دەکەم و

جەستەم وەک ئاگر / گڕ دەگرێ

کاتێک

پەپوولەیەک بە قووڵایی حەزەکانی پێدەکەنێ

من لەنێو شیعرەکانم بست بست باڵا دەکەم و

خونچە خەونێکی نوێ لەمندا سەردەردێنێ

کاتێک

( ماریا )کان لەسەر فڕێدانی

زنجیرەکانی دەست و گەردنیان

ژیانیان لێ دەسەندرێتەوە

من لەنێو شیعرەکانم یاخیتر دەبم و

سەدای هاوارم بڵندتر دەبێ

کاتێکیش

دایک و باوکێکی هەژار

لەبەر بەتاڵبوونی تورەگەی نان و

فرمێسکی سەرگۆنای جگەرگۆشەکانییان

شەوانان چاوەکانییان زەق زەق دەڕوانێ

منیش لەنێو شیعرەکانم

ڕق ئەستوورتر دەبم و ژاندەمگرێ

ماڵی خەیاڵ و بوخچەی وشەکانم

پڕ نەفرەت دەبێ

نیسانی ٢٠٢٢